# هۆزان



## هەندرێن

هەبوونێکی ریسکدار:
دیارییەکی بەخشندەی بەخشراوە.
عەدەمێک، کە بە لاواندنەوەی خۆیەوە سەرقاڵە،
مەرگێکی بێناو و بێڕەنگە.
ئەرێتیی و نەرێتی،
وەک بوونی نە بوونە.
شەپۆلێکی لە مێگەل راپسکاو؛
پێناسەی گەردوونی دەروونێکی هەدادانە:
زایەڵەی تەنیاییت.
پرسیارێکی بێهوودەیە:
ناسینی ئەو منە!



## تەنیایی

ئاسمانێک لەناو چاومدا شۆڕ دەبێتەوە.
بارانێک لە زمانمدا گۆدەکا و

هێشتا گەواڵەی رۆشناییت داناکا.
وەک هەور بەناومدا هەڵدەزنێ:
رامانی ئەو زەوییە.



## گومان

لەشێکی بەرێوە، کە مەیلی نواندنی خۆیەتی لە وشە.
ژیانێک لە زاندا؛
بوونێک لە زماندا.
گشت نیوەشەوان،
بە بڕینی دووڕیانێک ناچارە.
بە گاڤێک لە گومان و
بە گاڤێک لە  مانا،
پەرتدەکا:
ئاراستەی روانینت.

## سەهەندەیی

مەرگ رۆڵی بەهاکان دەلیزێ.
لە رێککەوتنێک لەگەڵ مەکری دووڕوویەک لە ئاوێنەدا بترازێ،
هیچی تری نییە داستانی ئەم رۆژگارە.
جادووگەرییەک لە تۆدا-
منێک لە جادووگەرییەکدا.
منێک لە تۆدا:
کامەمان راستینەین؟

***
خوێنێکی کوڵاو،
شێتییەکی پیرۆز،
وێکچوواندنێکی هەرزان لە نێوان دوو سەهەندەدا،
لەهەڕاجکردنی بەهاکاندایە:
خەمساردی ئەم بوونە.



## پەژارەیی

رۆژانە قەقنەسێک دێتە ناو دڵمەوە.
لە بوولێڵکدا دۆستە کۆنەکان، ماڵی چیایەکان،
بێدەنگ یادەوەرییم دەلەرێننەوە.
درەنگە و منێکی میوانیش دەمێکە لێرەمە.
رۆژەکان، ژمارەی سەعاتەکان، وەک زرینگانەوەیەک لە کانییەکان،
پێکڤە ئاوازێکن:
لە ژەنینی پەژارەیی من.

## یادەوەریی

ئەوە سترانێکی ناو بێشکەیەکە،
بە شەبەنگی رەنگینی شاخەکان راساوە.
یادەوەرییەک، لە کن مۆرانە لاتەکان- رۆژگاری گەندەڵان،
هەرەوەک هەرگیز نەبووبێ و نە دەشبێت،
لە ئامادەییەکدا، ئێستاکە و داهاتووت:
نماییشدەکا.

## گەندەڵی

روحێکی دڕدۆنگ و خۆشباوەڕ؛
دروشمکی لەکەڕوو و
فاڵگرەوەیەک لە هەوەسی مۆمیایی،
بە تەرمی تالانکراوی چیایەکی "ئەنفال"کراوەوە،
بەناو ژێرزەمینێک ملدەنێ.
ئەو روحە جینگزە،
دەمنادەم وەک زیندانییەکی پیر،
لە دەرگایە سیمدارەکان، دیوارە ژەنگرتووەکاندا دەنگێوێ.
هەڵچوونەکانیش لە رۆژنامەکانی دوێنێدا،
تەنیا جووینەوەی پەرستگایەکە لە پارەی:
ئەو روحە گەندەڵە.

کۆتایی 2007
ستۆکهۆلم